**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۶، پاییز و زمستان ۱۳۹۷

# ئیدیۆم لە وەرگێڕاندا: هەڵسەنگاندنی بەراوردکارانەی سێ وەرگێڕانی فارسیی *حەسار و سەگەکانی باوکم*

**سروە مێنبەری** [I]

خوێندکاری دوکتۆرای وەرگێڕان، زانکۆی عەلامە تەباتەبایی تاران

**شەهین حەیدەری** [II]

کارناسی زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی کوردستان

تاریخ دریافت: ۱۳ آذر ۱۳۹۷؛ تاریخ پذیرش: ۹ اسفند ۱۳۹۷؛ صص ۹۳-۱۱۹

## چکیده

اصطلاحات بخشی از سرمایه هر زبانی هستند. نویسندگان متون ادبی جهت دوری از شیوه مستقیم ابراز کلام، تاثیرگذاری بیشتر و نشان دادن توانایی و قدرت قلم خود در نوشته‌هایشان از اصطلاحات بهره می‌گیرند و از این طریق، سبک و شیوه خاصی به اثر خود می‌بخشند. این مسئله، مترجم متن ادبی را با چالشی گاه بزرگ روبه‌رو می‌سازد، چرا که اصطلاحات در کنار معنی اصلی، دارای معنی مجازی، تصویر و کارکردی هستند که در بسیاری از موارد مختص زبان مبدأ بوده و در زبان مقصد معادل دقیقی ندارد. رمان *کوتاه حصار و سگ‌های پدرم*، نوشتهٔ شیرزاد حسن، از جمله آثار برجسته زبان و ادبیات کردی و غنی از اصطلاحات کردی است. این اثر تا کنون سه بار به زبان فارسی ترجمه شده است. در این پژوهش، متن اصلی رمان به زبان کردی با ترجمه‌های فارسی کیخسروی، حلبچه‌ایی و کریم مجاور مقابله و مقایسه شد و راهکارهای به کارگرفته شده از جانب مترجمان به منظور انتقال اصطلاحات به زبان مقصد، بر اساس نظریهٔ بیکر (۲۰۱۸) مورد بحث و بررسی قرار گرفت. نتایج پژوهش نشان داد که مترجمان به جز راهکار پنجم، از تمامی راهکارهای دسته‌بندی بیکر استفاده کرده‌اند. راهکار توضیح اصطلاح به زبان ساده و غیر مجازی پرکاربردترین راهکار بود که منجر به تغییراتی در ترجمه‌ها شده بود. همچنین مشخص شد که حلبچه‌ایی و کریم مجاور در ترجمه‌های خود بیشتر از کیخسروی از سه راهکار نخست استفاده کرده‌اند و به این شکل میزان تغییرات این دو ترجمه در مقایسه با متن مبدا کمتر است.

**واژگان کلیدی:** اصطلاحات ، راهکار ترجمه، معادل، بیکر (۲۰۱۸)، *حصار و سگ‌های پدرم*

## کورتە

ئیدیۆمەکان بەشێک لە سامانی هەر زمانێک بەئەژمار دێن و نووسەری دەقی ئەدەبی بە مەبەستی خۆلادان لە شێوازی ڕاستەوخۆی خۆدەربڕین، ڕازاندنەوەی نووسراوە و هەروەها نواندنی هێزی قەڵەم، زۆربەری کات لە ئیدیۆم کەڵکوەردەگرێت و شێوازێکی تایبەت بە بەرهەمەکەی دەدات. ئەمەش وەرگێڕ تووشی ململانی و بەربەرەکانییەکی قورس دەکات؛ لەبەر ئەوەی هەر ئیدیۆمێک جگە لە مانای سەرەکی، داگری وێنە و کردارێکی جیاوازە کە زۆربەری کات تەنیا تایبەت بە زمانی سەرچاوەیە و لە زمانی مەبەستدا هاوتایەکی تەواوی بۆ نییە. ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*، بەرهەمی شێرزاد حەسەن، یەکێک لەو بەرهەمانەی ئەدەب و وێژەی کوردییە کە تەژییە لە ئیدیۆم. ئەم بەرهەمە تاکوو ئێستا سێ جار لە لایەن کەیخۆسرەوی، هەڵەبجەیی و کەریم موجاوێرەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕدراوە. لەم لێکۆڵینەوەدا، دەقی سەرەکی ڕۆمانەکە لەگەڵ وەرگێڕانەکانی بەراورد دەکرێت و ستراتێژییەکانی گوێستنەوەی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی بە پێی بیرۆکەی بەیکر (۲۰۱۸) دەخرێنە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت، کە وەرگێڕەکان جگە لە یەک ستراتێژی، لەو پێنج ستراتێژیەکەی پۆلێنبەندی بەیکر کەڵکیان وەرگرتووە. وەرگێڕانی هەڵەبجەیی و کەریم‌موجاوێر لە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانەکەی کەیخوسرەویدا لە سێ ستراتێژی یەکەم زۆرتر کەڵکیان وەرگرتبوو هەر بەم بۆنەوە ڕێژەی گۆڕانکاری لە ئیدیۆمەکاندا لە ئاستێکی خوارتردابوو.

**وشە سەرەکییەکان:** ئیدیۆم، ستراتێژی وەرگێڕان، هاوتا، بەیکر (۲۰۱۸)، *حەسار و سەگەکانی باوکم*

[I] servehmenbari@gmail.com (نویسنده مسؤول)

[II] Kajal.haydari@gmail.com

## ۱- پێشەکی

وەرگێڕان وەکوو ئەزموونێکی کۆن لە مێژووی مرۆڤدا پێناسە دەکرێت و بە مەبەستی پێکهێنانی پێوەندی لە نێوان ئەو خەڵک و نەتەوانەدا بە کارهێنراوە کە زمانێکی جیاوازیان هەبووە و جگە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە نەیانتوانیوە لێک تێبگەن. وەرگێڕان هەروەها، ئەرکێکی گرینگی لە دامەزراندنی پێوەندیەکی پتەو و ڕاستەقینە لە نێوان زمان و ئەدەبی نەتەوەکاندا هەیە. لە درێژەی مێژووی هەر زمانێکدا زۆر دەقی ئەدەبی جیاواز بە مەبەستی جیاوازەوە وەردەگێڕدرێت. وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی زۆربەی کات بەشێکی گەورە لە ئەزموونی وەرگێڕان بۆخۆی تەرخان دەکات و دەتوانێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ناساندنی ئەدەب و وێژەی نەتەوەیەک بە جیهانی دەرەوە هەبێت. هەر بەم پێیە، هەڵسەنگاندن و توێژینەوە لەسەر دەقێکی وەرگێڕدراو زۆر پێویستە و ئەگەر بە وردی و بە شێوازێکی زانستی بەڕێوە بچێت دەتوانێت ببێتە هۆی ناسینی کەم و کۆڕیەکان و هەروەها گەشەی ڕەوتی وەرگێڕان لە زمانێکدا. ئەمە لە کاتێکدایە بە پێچەوانەی خودی وەرگێڕان، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر وەرگێڕان و وەرگێڕ و دەقی وەرگێڕدراو تەمەنێکی کورتی هەیە. توێژینەوە لەسەر دەقی وەرگێڕدراو دەتوانێت لەبەر چەند هۆکاری جیاواز بە ئەنجام بگات؛ بۆ نموونە، بە مەبەستی ناساندنی شێوازی وەرگێڕانی وەرگێڕێکی تایبەت و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەقی دەسپێک و خوێنەری مەبەست، لێکدانەوەی چەند وەرگێڕانی دەقێکی سەرەکی و تێگەیشتن لە جیاوازیەکان و هۆکارەکانی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنیان، ناساندنی وەرگێڕەکانی سەرکەوتوو و کاریگەر لە مێژووی زمانێک، یان بۆ مەبەستێکی گشتیتر وەکوو ڕوونکردنەوەی داب و نەریتی وەرگێڕان لە زمانێکدا و هەروەها دەرخستنی گۆڕانکاریەکان لە مێژووی وەرگێڕانی ئەو زمانەدا. بۆیە هەڵسەنگاندنی دەقی وەرگێڕداو، بەشێکی گرینگ لە توێژینەوەی وەرگێڕاننناسی بە ئەژمار دێت. مەبەستی کۆتایی توێژینەوە لەسەر وەرگێڕان بەدیهێنانی پێوەندی لەنێوان بیرۆکەی زانستی وەرگێڕان و کرداری وەرگێڕانە کە دەبێتە ڕێگایەک بۆ بەکارهێنانی زانیاری وەدەستکەوتوو لە ئاکامی توێژینەوەدا، بۆ فێرکاری و ڕاهێنانی وەرگێڕی تازەکار لەو زمانەدا. وەرگێڕی نوێ دەتوانێت لە لایەنی لاواز و هەروەها بەهێزی وەرگێڕانی پێش خۆی کەڵکوەربگرێت و بەم شێوەیە ئاستی توانستی خۆی لە وەرگێڕاندا و بە گشتی ئاستی وەرگێڕان لەو زمانەدا بباتە سەرێ.

هەر ئەوجۆرەی کە دەزانین وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی و لە زمانی کوردیەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە، لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەشەی کردووە؛ بەڵام لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی جیدی لەسەر وەرگێڕان لە زمان و ئەدەبی کوردیدا لە بەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکە بەشێکی زۆر بچووک و لاوازی هەیە. لە ڕاستیدا نادیاری بەشی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، بە ڕەچاوگرتنی ڕێژەی

زۆری ئەو دەقانەی وەردەگێڕدرێنەوە بۆشایی و کەلێنێکی گەورەمان بۆ دەردەخات کە پێشاندەری گرینگایەتی هەوڵ و تێکۆشانی پێویست لەم بەستێنەدایە. توێژینەوە لەم بەشەدا دەتوانێت هاوکات لەگەڵ بەهێزکردنی لایەنی زانستیی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا، هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی وەرگێڕان و دەقە وەرگێڕدراوەکان ببێت.

ئەم توێژینەوەیە وەکوو هەنگاوێکی بچووک لە پرۆسەی ئەو تێکۆشانە پێوستانەی ئاماژەیان پێکرا، هەوڵدەدات دەقی ڕۆمانێکی کوردی لەگەڵ سێ دەقی وەرگێڕدراوی بە زمانی فارسی، لە بواری چۆنیەتی وەرگێڕانی زاراوە یان ئیدیۆمەکان بخاتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن. لە بەشەکانی خوارەوە، سەرەتا وەرگێڕان، ئیدیۆم و جۆرەکانی ئیدیۆم و هەروەها ئیدیۆم لە وەرگێڕاندا بە کورتی پێناسە دەکرێن و پاشان مێتۆدۆلۆژی و شێوازی کۆکردنەوەی دەیتاکان پێناسە دەکرێت و زانیاریەکان دەخرێنە بەرباس و ڕەخنە. لە کۆتاییشدا دەرئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ڕادەگەیێندرێت.

## ٢ـ پێشینە و پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە

توێژینەوە و ڕەخنە لەسەر وەرگێڕان لقێکی گرینگ و کاریگەری وەرگێڕانناسییە کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەشەکانی دیکە، وەکوو کردەوەی وەرگێڕان و فێرکاری و ڕاهێنان و هەر وەها تاقیکاری وەرگێڕ هەیە و ئەنجامەکانی دەتوانێت جگە لەوەی ئاستی وەرگێر و دەقی وەرگێڕدراو دەربخات، لە بەشەکانی دیکەش قازانجی ببێت و بەکاربهێندرێت. پێشینەی لێکۆڵینەوە لەسەر وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا زۆر لاوازە و دەتوانین بە گشتی بڵێین کە تاکوو ئێستا ئیشێکی بەرچاو لەم بوارەدا نەکراوە. لە ڕاستیدا، کتێبخانەی زمانی کوردی، جگە لە چەند کتێبێک لەسەر بابەتەکانی تییۆری وەرگێران کە بەس داگری باس و پێناسەی سەرەکی وەرگێڕان و جۆرەکانی وەرگێڕانن، هیچ لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەکی جیدی تێدا نییە کە بە شێوازێکی زانستی تیشکی لەسەر دەقێکی وەرگێڕدراو خستبێت. ئەو باسانەش کە بە دەگمەن لەسەر وەرگێڕان لە زمانی کوردی دەکرێن، زۆربەیان شێوازێکی ناپسپۆڕانە و نازانستیان هەیە و نەیانتوانیوە کاریگەریەکی ئەوتۆیان لەسەر بەرەو پێش بردنی ڕەخنەی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا هەبێت. مەبەستی ئەم وتارە، لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی وەرگێڕانی ئیدیۆم لە کوردیەوە بۆ سەر زمانی فارسییە. لەوێوە کە زۆربەی کات ئیدیۆمەکان لە زمانی مەبەستدا هاوتایەکی تەواویان بۆ نییە، پێویستە وەرگێر لە نێوان ئەو ڕێکار و ستراتێژیانەی لەبەر دەستدا هەن باشترینیان هەڵبژێرێت و بەم شێوە کێشەی وەرگێڕان چارەسەر بکات. ئەم توێژینەوە دەیهەوێت پاش بەراورد و هەڵسەنگاندنی سێ وەرگێڕانی

ڕۆمانی کوردی *حەسار و سەگەکانی باوکم* لە بواری شێوازی وەرگێڕانی ئیدیۆمەکانەوە وڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

۱- وەرگێڕەکان لە چ ستراتێژیگەلێک بۆ دابین‌کردنی هاوتای ئیدیۆمە کوردیەکان کەڵکیان وەرگرتووە؟

۲- چ ستراتیژییەک زیاتر بەکارهێندراوە و هۆکارەکەی چییە و بە گشتی چ کاریگەرییەکی لەسەر وەرگێڕانەکەدا هەیە؟

۳- جیاوازیی سەرەکیی ئەم سێ وەرگێڕانە لە بواری دانانی هاوتا بۆ ئیدیۆمەکان لە چیدایە؟

## ۳- شێوازی لێکۆڵینەوە

لەم توێژینەوە، شێوازی گوتارشیکاری چەندی[۱] بەکارهێندراوە و نموونەکان و دەیتاکان بە شێوازی کتێبخانەیی و سیستماتیک[۲] کۆکراونەوە و پاشان بە شێوازی ئاماری[۳] لێکدراونەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە گشتی لە شەش قۆناغدا بە ئەنجام گەیشت: ۱) سەرەتا، دەقی کوردی ڕۆمانەکە بە وردی خوێندراوە و ئیدیۆمەکان بە پێی چەند فەرهەنگ و سێ سەرچاوەی، *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا* نووسراوی جەلال مەحموود عەلی (۲۰۰۱)، *زاراوەی زمانی کوردی* ئەحمەدی قازی (۱۳۹۵) و *فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*، نووسراوی عەبدولوەهاب کانەبی شەریف (۲۰۰۵) لە هەر سێ لاپەڕە لە یەک لاپەڕە دەستنیشان کران؛ ۲) پاشان، نموونەکان لە خشتەیێکدا داڕێژران و ئەوانەی دووپات کرابوونەوە یان چەندین جار لە دەقی ڕۆمانەکەدا هاتبوون لە خشتەکە لابران؛ ۳) لە هەنگاوی سێهەمدا، هەر سێ دەقی وەرگێڕدراو خوێندرایەوە و ئیدیۆمە فارسیەکانی بەرانبەر بە نموونە کوردیەکان دوزرانەوە و لە سێ بەشی دیکەی خشتە-کەدا داندران؛ ٤) پاشان، بە پێی پۆلێنبەندیی بەیکر (۲۰۱۸)، جۆری ستراتێژی وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان لە شەش بەشدا دابین‌کرا؛ ٥) بە شێوازێکی ئاماری فرەپاتی هەر ستراتێژیەک سەرەتا لەهەر یەک لە وەرگێڕانەکان و پاشان بە گشتی حیساب‌کرا؛ ٦) لە کۆتاییدا، دەیتا ئاماریەکان بە مەبەستی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی سەرەوە، شرۆڤە کران و خرانە بەر باس و لێکدانەوە.

---

[1] Quantitative Discourse Analysis.

[2] Systematic Sampling.

[3] Statistical Analysis.

## ٤- وەرگێڕان

وەرگێڕان لە خوازەیەکی ئاشنادا، وەکوو بەستنی پردێک لەنێوان زمانەکان و کولتوورەکان پێناسەدەکرێت و بە هۆی ڕۆڵی گرینگی وەرگێڕان لەم پێوەندییەدا، لە مێژە شوێن و پێگەیێکی تایبەتی لە ناسین و نزیک‌کردنەوەی نەتەوەکان هەبووە و هەیە. لە ڕوانگەی وەرگێڕان‌ناسییەوە، وەرگێڕان وەکوو «ڕەوتی جێ‌بەجێ‌کردنی دەقێکی سەرەکی، واتا دەقی سەرچاوە، لەگەڵ دەقێکی جێگرەوە، واتا دەقی مەبەست، لە زمانێکی جیاوازدا» پێناسە دەکرێت (هاوس، ٢٠١٨: ٩). لەم ڕەوتەدا، مانایەک لە نێوان دوو دەق لە دوو زمانی جیاواز دەگوازرێتەوە و بێ‌گومان هێندێک گۆڕانکاری دێتە ئاراوە بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت نەگۆڕ بمێنێت، هەمان مانا و واتایە. لە ڕاستیدا، واتا دەبێت دوو قۆناغی سەرەکی پرۆسەی وەرگێڕان تێپەڕ بکات. لە قۆناغی یەکەمدا، وەرگێڕ لە واتای دەقی سەرچاوە تێدەگات و لە قۆناغی دووهەمدا، هەمان واتا بۆ سەر زمانی مەبەست دەگوێزێتەوە. کەوابوو وەرگێڕان، دەربڕینی دووبارەی واتای زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەست، بۆ بەردەنگ و خوێنەرێکی نوێ لەو زمانەدایە (هەمان سەرچاوە، ١٠).

وشەی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا لە چاوگی «وەرگەڕان»وە هاتووە و چەند مانای جیاواز دەگرێتە خۆی، کە بە پێی فەرهەنگی کوردی بە کوردی زانستگای کوردستان (٢٨٧٨:١٣٩٧) بریتییە لە: پاچڤە کردن، کە دەگەڕێتەوە بۆ مانای سەرەکیی وەرگێڕان؛ ئاوەژووکردن یان وەرگەڕان، و وەرچەرخاندن یان هەڵگەڕاندنەوە. جگە لەم سێ مانایە، وەرگێڕان هەروەها لە هێندێک شوێندا بە مانای «کێڵانەوەی زەوی دێت بۆ جاری دووهەم بە مەبەستی تووکردن و ڕواندن بۆ بەرهەمی تازە» (بەرزنجی، ٢٠١٢: ١٤). بێ‌گومان لە هەموو وەرگێڕانێکدا، مەبەستی سەرەکی گوێستنەوەی مانا لە دەقی سەرچاوە و بۆ دەقی مەبەستە، بەڵام ئەگەر بە پێ ماناکانی دیکەی ئەم وشە لە زمانی کوردیدا سەیری وەرگێڕان بکەین، چەندین ڕوانگەی جیاوازمان بۆ دەردەکەوێت. کاتێک دەقێک بۆ سەر زمانێکی دیکە وەردەگێڕدرێتەوە، وەکوو ئەوەیە کە لە ئاڕاستە و ئاقارێکی دیکەدا سەیری هەمان دەق بکەین، واتا دەق هەر هەمان دەقی سەرەکییە بەڵام بە پێی جیاوازیەکانی نێوان زمانی سەرچاوە و مەبەست گۆڕانگاری بەسەردا دێت. لە ڕوانگەیەکی‌ترەوە دەتوانین بڵێین لە نووسراوەی سەرەکیدا، ڕووی نوسەر و دەق لە خوێنەری زمانی سەرچاوەیە، کەچی لە کاتی وەرگێڕاندا هەردووکیان ڕوویان بەرەولای خوێنەرێکی نوێ لە زمانی مەبەستدا دەگێڕنەوە و لەم ڕەوتەشدا بە پێی پێویست، گۆڕانکاری لەم پرۆسەیەدا دەبینرێت. هەروەها، گەر بە پێی دوایین مانای وشەی وەرگێڕان، نووسین وەکوو پرۆسەی کێڵان بە مەبەستی بەرهەم‌هێنانی دەقێک لە زمانی سەرەکیدا پێناسەبکەین، دەتوانین وەرگێڕان وەکوو

کێڵانەوەی زمانەوانی لە هەمان دەقدا، بە مەبەستی بەرهەم هێنانەوەی واتاکەی لە دەقێکی نوێ لە زمانی مەبەستدا پێناسە بکەین (هەمان سەرچاوە، ١٤-١٥).

ئەرکی وەرگێڕ بەڕێوەبردنی پێوەندی نێوان دوو زمان و دوو دەق و هەروەها گوێستنەوەی مانا بە بێ گۆڕانکاری و لادانە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە وەرگێڕ دەبێت هەم بە تەواوی شارەزای زمانی سەرچاوە بێت و هەم زمانی مەبەست؛ هەم نووسەری دەقی سەرچاوە ڕەچاو بگرێت و هەم خوێنەری دەقی مەبەست؛ هەم خوێنەرێکی پسپۆڕی زمانی سەرچاوە بێت و هەم نووسەر و داهێنەرێکی پسپۆڕی زمانی مەبەست. کەچی دەبێ ددان بەم ڕاستییەدا دابنێین کە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە و تێپەڕین لە قۆناغی یەکەمی پرۆسەی وەرگێڕان و گەیشتن بە قۆناغی دووهەم زۆربەی کات، کارێکی سادە و ساکار نییە و بەپێی جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو زمانەی وەرگێڕ ئیشی تێدا دەکات، دەتوانێت داگری ململانێ و بەربەرەکانێیەکی قورس لە کاتی هاوتا دۆزینەوەدا بێت. لە وەرگێڕاندا دابین‌کردنی هاوتا، هێندێک جار هەوڵ و تێکۆشانێکی زیاتری دەوێت؛ وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان یەکێک لەو بابەتانەیە کە وەرگێر بۆ ڕاپەڕین لەو لەمپەرانە بەرەوڕووی دەبێت پێویستی بە شارەزایی لە هەر دوو زمان و توانستێکی باشی وەرگێڕان هەیە. سەرەتا با بزانین مەبەست لە ئیدۆم چییە و بۆچی ئیدیۆم لە کاتی وەرگێڕاندا کێشە دروست دەکات؟

## ۴ـ۱ـ ئیدیۆم و جۆرەکانی

ئیدیۆم[1] یەکەیەکی زمانییە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت و واتایەکی تایبەت لەخۆدەگرێت. تایبەتمەندیی جیاوازی ئیدیۆم لەوەدایە کە واتای ئیدیۆمەکە لەنێو کەرەستە پێکهاتووەکانی ناو ئێدیۆمەکەدایە، واتە ئەو وشانەی پێکی‌دێنێت، جیاوازە (عوسمان مستەفا عەللاف، ۲۰۰۹: ۱۱۳). ئێدیۆم مانایەکی مەجازی و ناڕاستەقینەی هەیە کە لەگەڵ مانای ڕاستەوخۆی ئەو وشانەی پێکی‌دێنن، یەک‌ناگرێتەوە و لەڕووی واتای ئەوانەوە ڕوون نابێتەوە. لە زۆربەی ئیدیۆمەکاندا، خواستن و لێکچوواندن بەکارهێندراوە و ئەو شتانەی ڕەنگە پێوەندیەکی ئەوتۆی ڕاستەقینەیان پێکەوە نەبێت، بەیەکەوە شوبهێندراون و وێنەی تایبەتیان پێکهێناوە (مەحمود عەلی، ۲۰۰۱: ۸-۹). ئیدیۆم هەر وەها لایەنێکی کەلتووری هەیە کە زۆربەی کات تایبەت بە یەک کەلتوور و زمانە و بەو پێیەش، تێگەیشتن لە ئیدیۆمەکان لە هەر زمانێکدا، پێویستی بە فێربوون هەیە. ئیدیۆم واتایەکی نوێ دەبەخشێتە ئەو کۆمەڵە وشە کە پێشتر هەر کامیان واتای

---

[1] Idiom.

تایبەت بە خۆیان هەبووە و بە پێی یاسای ڕێزمان لە تەنشتی یەکتردا هاتوون. هەروەها ئیدیۆم سامانی هەر زمانێک بەئەژماردێت و نووسین بە بێ ئیدیۆم وەبەر نایێت (مەلا ئیسمایل حەسەن، ٢٠٠٩: ٨). ئیدیۆمەکان بە پێی مانای تایبەت و زۆربەی کات وێنەی تایبەت، ڕەنگامەیی و خەیاڵ بە دەقی ئەدەبی دەبەخشن، ئاستی هۆنەری دەقە دەبەنە سەرەوە و ڕازاوەی دەکەن و خوێندەنەوی ئەو دەقە بە چێژتر دەکەن و بە هۆی ئەو تایبەتمەندیانەوە، وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی دژوار دەکەن. گرینگترین تایبەتمەندی ئیدیۆمەکان ئەوەیە خۆڕاگریی زمان و کولتوور بەهێزتر دەکەن و ناهێڵن ناسنامەی زمان کە نیشانەی بوون و زیندووبوونی هەر نەتەوەییکە لەناو بچێت. لە بەراورد لەگەڵ وشەکان، خۆڕاگرتر و نەگۆڕترن و هەروەها، شوناسی زمانن. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم خۆڕاگریە لە درێژایی مێژوودا، ئەوەیە ئێدیۆم لەڕووی وشە پێکهێنەرەکانی ناناسرێت و وەرناگیردرێت. هەروەها، بۆچوونی نەتەوەکان لە دارشتنی پەند و ئێدیۆمدا هێندە جیاوازە کە هیچ زمان و کولتوورێک، هەر چەند بەهێزیش بێت، ناتوانێت هاوتا و بەرانبەر بۆ هەموو پەند و مەتەڵ و ئیدیۆمێکی زمانێکی دیکە بدۆزێتەوە (قازی، ١٣٩٥: ١١-١٤).

هەموو ئیدیۆمێک داگری چەن لایەنی جیاواز و لە هەمان کاتیشدا پێکەوە بەستراوە؛ واتای مەجازی و ناڕاستەقینە، شێوازی دەستووری و پێکهاتەی تایبەت، وێنەیەک کە لە ئاکامی لێکچواندن و خواستەنەوە دێتە ئاراوە، لایەنی کەلتووری و مێژوویی و هەروەها مەبەستێک کە دەیەوێت لەخۆیبگرێت. دەکرێت ئیدیۆمەکان بەپێی شێوازی پێکهاتن و کارکردیانەوە بەم جۆرە دابەش کەین: یەکەم، ئەوانەی پشت بە ڕووداوێک دەبستن و لەو بوارەدا بە پەندەکانەوە نزیکدەبنەوە. دووهەم، ئەوانەی وا بە گرتنی پاشگر یان پێشگر یان ڕێککەوتن لەگەڵ وردە وشەییک لە مانای فرمانی ئیدیۆم دوور دەکەونەوە و مانا و چەمکی تازە دەخوڵقێنن. سێهەم، ئەوانەی وا مانای ئیدیۆمەکان لەواندا زۆر لە مانای فەرمانی بنەڕتی پێکهێنەر دوور ناکەوێتەوە (هەمان سەرچاوە، ١٥).

ئیدیۆمەکان هەروەها، بە پێی ڕادەی پێوەندی نێوان مانای وشە پێکهێنەرەکان و واتا لە چوار بەشدا دابەش دەکرێن: یەکەم، هیچ جۆرە پێوەندییێک لە نێوان مانای وشە پێکهێنەرەکان و واتای مەجازی ئیدیۆمدا نییە؛ دووهەم، پێوەندییێکی بە هێز لە نێوان مانای وشە پێکهێنەرەکان و واتای مەجازیدا هەیە، بەڵام کارکردی ئیدیۆمەکە ڕوون و ئاشکرا نییە؛ سێهەم، پێوەندییێکی زۆر ئاشکرا لە نێوان مانای وشە پێکهێنەرەکان و واتای مەجازیدا هەیە. چوارەم، ئیدیۆمە ساخوازەکان واتا ئەوانەی، تێگەیشتن لە واتای ئیدیۆمەکە پێویستی بە زانیاری لەسەر کولتوری ئەو زمانە هەیە، چونکە داگری ئاماژەییکی وێژەیی یان کولتووری یان مێژوویین (گڵاکسبێرگ، ٢٠٠١: ٧٣-٧٧). ئیدیۆمەکان لە هەر جورێک بن، زۆربەی کات وەرگێڕانێکی وشە بە وشە و دەقاودەق هەڵناگرن.

## ۴-۲- ئیدیۆم لە وەرگێڕاندا

لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ نە ڕێزمان و وشە وەردەگێڕێتەوە، نە دەنگ و شێواز، بەڵکوو ئەوی وەردەگێڕێت یەکەیەکە لە واتا. واتا بەرهەمی پێکهاتە جۆراوجۆرکانی زمانە کە لە دەق و دەورووبەری دەقدا دێن و جۆرێک لە پێوەندی لە نێوانیاندایە (مەحوی: ۲۰۱۰، ٤٢-٤٤). وەرگێڕ بۆ گوێستنەوەی واتا لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست لە ستراتێژی جۆراوجۆری وەرگێڕان کەڵکوەردەگرێت. مەبەست لە ستراتێژی، هەوڵ و تێکۆشان و گەڕان بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی تایبەتە و لە وەرگێڕاندا، بەو ڕێکار و شێوازە دەگوترێت کە وەرگێڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەرگێڕان کەڵکیلێوەردەگرێت و بڕیاری لەسەر دەدات (فەرەحزاد: ۱۳۹٤، ۱۷٤-۱۷٥). ئیدیۆمەکانیش وەکوو بەشێکی کیشەسازی زمان لە وەرگێڕاندا، پیویستیان بە شێواز و ستراتێژی تایبەتی وەرگێڕان هەیە. تایبەتمەندیەکی بەرچاوی ئیدیۆمەکان ئەوەیە دوو جۆر واتا لەخۆدەگرن، واتای بنجی کە واتای سەرەکی ئەو وشانەیە پێکیاندەهێنن و واتای خوازراو کە واتای مەجازی ئیدیۆمەکانە و بۆ مەبەستێکی تایبەت کەڵکیانلێوەردەگیردرێت و ئیدیۆمەکان کاتێک مەبەستی خۆیان دەپێکن کە واتای بنجی لە سنووری خۆی بڕواتە دەرێ و بگاتە سنووری واتای خوازراو. نابێ وشە بە وشە وەرگێڕدرێنەوە، بەڵکوو دەبێ هەموو واتاکەیان پێکەوە وەربگێڕدرێت و لە زمانی مەبەستدا هاوتای بۆ بدۆزرێتەوە. ئەگەر وەرگێڕ شارەزای کولتوور و ڕۆشنبیری هەردوو زمانی سەرچاوە و مەبەست نەبێت، ورگێڕانی ئیدیۆم دەبێتە ئارێشەو و ڕووبەڕووی دەبێتەوە (عوسمان مستەفا عەللاف: ۲۰۰۹، ۱۱۳).

ئەوەی گرێنگە، وەرگێڕ دەبێ لە مانی شاراوەی وشەکان تێبگات و ئەو مانایە وەربگێڕێتەوە، نەک مانای ڕووکەشیان. بە واتایەکی دیکە، وەرگێڕ دەبێ خۆی لە مانای سەرەکی ئیدیۆم بپارێزێت و بە ڕەچاوگرتنی ئەو بەستێنە و ڕەوتگەی تێیدا هاتووە، مانا نێودەقیەکەی بدۆزێتەوە و ئەو هاوتایە بەکاربهێنێت کە لەگەڵ مانای خوازراوی ئیدیۆمەکە یەکبگرێتەوە. ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی باشی لە ئیدیۆمەکانی زمانی سەرچاوە و مەبەستدا نەبێت، ڕەنگە وشە بە وشە وەریانبگێڕێت و مانای دەقەکە بە ئاشکرا بشێوێنێت. وەرگێڕ دەبێت لەو فەرهەنگانەی زمان کە تایبەت بە ئیدیۆمن کەڵکوەربگرێت و هاوواتا و بەرانبەریان بۆ بدۆزێتەوە (بەرزنجی، ۲۰۱۲: ۲۷-۳۲). وەرگێڕانی ئیدیۆم لەم چوار حاڵەتەدا ئەستەمە و وەرگێڕ تووشی کێشە دەکات: یەکەم، کاتێک هیچ هاوتا و هاوسەنگێکی لە زمانی مەبەستدا نەبێت؛ دووهەم، کاتێک هاوتایەکی هاوشێوەی لە زمانی مەبەستدا هەبێت بەڵام شێوازی بەکارهێنانیان جیاواز بێت؛ سێهەم، کاتێک لە دەقی سەرچاوەدا هاوکات هەم بە مانای سەرەکی و هەم بە مانای مەجازی بەکارهێندرابێت، بەڵام ئیدیۆمی هاوتای لە زمانی مەبەستدا تەنها لەگەڵ مانای مەجازی یەکبگرێتەوە؛ چوارەم،

ئەو کاتەی یاسای بەکارهێنانی ئیدیۆم لە دەقی نووسراو، یان لە بەستێنی بەکارهێنان، یان لە بواری فرەپاتی بەکارهێنانەوە لە زمانەکانی سەرچاوە و مەبەست جیاوازی هەبێت (بەیکر، ٢٠١٨: ٧٣-٧٦).

وەرگێڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیدیۆم و گوێستنەوەی مانای مەجازی و مەبەست بە پێی ئەو دەقە و بەستێنەوی تێیدا هاتوون، دەتوانێت لە ستراتیژیک‌گەلی جۆراوجۆر کەڵک‌وەربگرێت. پۆلێنبەندی بەیکر (٢٠١٨) یەکێک لەو پۆلێنبەندیانەیە کە بە وردی تیشکی خستۆتە سەر ئەو ستراتێژیانەی وەرگێڕ دەتوانێت بۆ دانانی هاوتا بۆ ئیدیۆمەکان کەڵکیان لێوەربگرێت. بەیکر بە پێی جۆری بەرانبەرێک کە لە لایەن وەرگێڕەوە لە زمانی مەبەستدا دابین دەکرێت، ئەم ستراتیژیانە دەکاتە شەش بەشەوە: ١) بەکارهێنانی ئیدیۆمێک بە واتا و شێوازی هاوشێوەوە؛ ٢) بەکارهێنانی ئیدیۆمێک بە هەمان واتا بەڵام شێوازی جیاوازەوە؛ ٣) قەرز وەرگرتنی ئیدیۆم لە زمانی سەرچاوەوە؛ ٤) وەرگێڕان لە ڕێگای شی‌کردنەوە؛ ٥) سڕینەوەی لایەنی گەمەی زمانیی ئیدیۆم؛ و ٦) سڕینەوی ئیدیۆم بە تەواوی (٢٠١٨: ٧٧-٨٧). کەوابوو وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانی هەر ئیدیۆمێک، چەندین ڕێکار و ستراتێژی جیاوازی لەبەردەست‌دایە و دەتوانێت ئەوەی بە بیروڕای ئەو لەو دەق و بەستێنەدا گونجاوترە هەڵبژێرێت و لەسەر باشترینیان بڕیاری کۆتایی بدات. جیاوازی نێوان بڕیاری وەرگێڕەکان لەسەر ستراتێژی وەرگێڕان، دەبێتە هۆی جیاوازی نێوان ئەو دەقانەی وەریان دەگێڕنەوە. کاتێک چەن وەرگێڕانمان لەیەک دەق هەبێت، جیاوازی و کاریگەری ستراتێژیەکانی وەرگێڕان لەسەر چۆنیەتی دەقی وەرگێڕدراو باشتر بۆمان دەردەکەوێت. لەم توێژینەوەدا، هەروا کە پێشتر ئاماژەی پێ‌کرا، ڕۆمانی کوردی *حەسار و سەگەکانی باوکم* لەگەڵ سێ وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە لە زمانی فارسی دەخرێتە بەر باس و لێکدانەوە.

### ٥ـ حەسار و سەگەکانی باوکم

*حەسار و سەگەکانی باوکم*، بەرهەمی شێرزاد حەسەن، نوسەر و وەرگێڕی کوردە کە خاوەنی چوار کۆمەڵە چیرۆک، سێ ڕۆمان، سێ کورتە ڕۆمان و هەروەها چەندین بەرهەمی وەرگێڕان بە زمانی کوردییە. کورتە ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم* یەکەم جار، لە ساڵی١٩٩٧ی زایینی لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. شێرزاد حەسەن لەم کورتە ڕۆمانەدا تیشکی خستووەتە سەر داب و نەریتی عەشیرەیی، بنەماڵەیی و سۆزداری خەڵکی کوردستان و لەم بەستێنەدا، چێرۆکی کوڕێک دەگێڕێتەوە کە باوکی خۆی کوشتووە. ئەم کورتە ڕۆمانە، وەکوو بەرهەمێکی گرینگ و سەرکەوتووی ئەدەب و وێژەی کوردی ناسراوە؛ بەڵام ئەوەێ بۆتە هۆی هەڵبژادنی ئەم بەرهەمە

لەم لێکۆڵینەوەدا، جیاوازییەکە وا لە لایەنی زمانییەکەیدا دەبیندرێت. ڕادەی بەرچاوی بەکارهێنانی ئیدیۆمە کوردییەکان لە گێڕانەوەی ئەم کورتە ڕۆمانەدا، لایەنی ناڕاستەوخۆ و مەجازی زمانی هێناوەتە یارمەتی وەگێڕ و هێزی بەخشیوەتە ئەو ئالۆزیەی نووسەر دەیەوێت تێکەڵی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەی بکات. ڕەنگدانەوەی ئیدیۆمەکان لە هەموو بەشەکانی ئەم گێڕانەوەدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە بواری زمانییەوە بۆتە هۆی دەوڵەمەندتر و ڕازاوەتر بوونی ئەم ڕۆمانە، چێژێکی تایبەت بە خوێنەری کورد دەدات. هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، ئەم ڕۆمانە تا ئێستا سێ جار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. لێرەدا، بە کورتی دەڕوانینە سەر ئەم سێ وەرگێڕانە.

## ۵-۱- سێ وەرگێڕانی *حەسار و سەگەکانی باوکم* بۆ زمانی فارسی

یەکەم وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە بۆ سەر زمانی فارسی لە ساڵی ١٣٨٤، واتە هەشت ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە بە زمانی کوردی، لە لایەن عەبدوڵا کەیخۆسرەوی، نووسەر و وەرگێڕێکی کورد کراوە بە فارسی. ئەم ڕۆمانە لە کتێبێک بە ناوی *تربیع خون. چهار اثر و یک گفتگو از شیرزاد حسن* بڵاوبووەتەوە کە داگری پێشەکی وەرگێڕ، کورتە چیرۆکێک، وتوویژێک و وتارێکی دیکەی شێرزاد حەسەنە. لە بەشی پێشەکەیدا، وەرگێڕ تیشکی خستۆتە سەر جیاوازی نێوان چیرۆکی کوردی کوردستانی ئێران و عێراق و هەروەها ئاماژە بە هێز و وزەی بەرچاوی ئەم ڕومانە لە بواری فورم و شێوازی داڕشتنی چیرۆکدا دەکات. لە کۆتاییدا، وەرگێڕ شیرزاد حەسەن وەکوو نوێنەری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دەزانێت و ناساندنی فەرهەنگ و ویژەی کوردی وەکوو مەبەستی سەرەکی لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمانە پێناسە دەکات. جاری دووهەم لە لایەن مەریوان هەڵەبجەیی لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕداوە و لە کتێبێکدا بە ناوی *حصار و سگ‌های پدرم*، بڵاوبووەتەوە. هەڵبجەیی وەرگێڕێکی کوردە و تاکوو ئێستا بەرهەمێکی زۆری لە زمان و وێژەی فارسییەوە بە کوردی و بە پێچەوانەشەوە وەرگێڕاوەتەوە. ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، پێشەکی وەرگێڕ، وتارێکی شێرزاد حەسەن و دەقی ڕۆمانەکە. لە پێشەکیدا وەرگێڕ ئاماژە بە ئاست و کاریگەری بەرچاوی نووسەر لە زمان و وێژەی کوردی دەکات و هەروەها، ئەم بەرهەمە بە خاڵێکی وەرچەرخان لە وێژە و ئەدەبی کوردی دادەنێت و پاشان لە چەند لاپەڕەدا باسی ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر دەکات. لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی ئەم ڕۆمانە بۆ جاری سێهەم لە لایەن ڕەزا کەریم مۆجاوێرەوە کراوەتە فارسی. کەریم مۆجاویر تاکوو ئێستا خاوەنی چەندین بەرهەمی وەرگێڕدراو لە زمانی کوردی بۆ سەر زمانی فارسییە. کتێبی *حصار و سگ‌های پدرم* داگری پیشەکییەکی زۆر کورت و پاشان دەقی ڕۆمانەکەیە. وەرگێڕ لە سەرەتای کتێبەکە

شرۆڤەیەکی لەسەر ڕۆمانەکە دەکات و ئەم بەرهەمە وەکوو بەناوبانگترین ڕۆمانی شێرزاد حەسەن و یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی مێژووی ئەدەبی داستانی کوردستان بە ئەژمار دێنێت.

## ٦- باس و لێکدانەوە

وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی، خۆی دەقێکی ئەدەبی بەئەژمار دێت. چێژی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی لە ئاکامی تێکەڵبوونی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بەدی دێت. بۆیە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی لە لایەکەوە دەبێت زۆر لە دەقی سەرەکی نزیک بێت و وەرگێڕ هەم ئاگای لە واتای دەق بێت و هەم وشە و ئیدیۆم و پێکهاتەی ڕستەکان ڕەچاو بگرێت، و لە لایەکی دیکەشەوە شێوازی نووسینی زمانی مەبەست لەبیر نەکات (خەزاعیفەر، ١٣٩٣: ١٤-١٥). لەم بەشەدا دەچینە سەر لێکدانەوەی وەرگێڕانەکان.

### ٦-١- ستراتێژییەکانی وەرگێڕانی ئیدیۆم و نموونەکانیان

پاش لێکدانەوەی وردی ٢٨ لاپەڕە لە ڕۆمانی *حەسار و سەگەکانی باوکم*، ١٣٨ ئیدیۆم لە دەقی سەرچاوە دەستنیشان کران. هاوتایان لە هەر سێ دەقەکەدا دابین کرا و جۆری ستراتێژی وەرگێڕانەکەیان بە پێی پۆلێنبەندی بەیکر (٢٠١٨) لە شەش لقی خوارەوەدا دابەش کرا. گەرچێ دەبێ ئاماژە بکرێت کە بە پێی پێویست، گۆڕانکاریەک لە چوارچێوەی تییۆری کارەکەدا کرا. پاش لێکدانەوەی دەقی سەرەکی بۆمان دەرکەوت کە لە هیچ یەک لەو سەد و سی و هەشت ئیدیۆمەی لە دەقی ڕۆمانەکەدا هەبوون، گەمەی زمانیمان بەو شێوە کە هاوکات هەم مانای سەرەکی و هەم مانای مەجازی ئیدیۆمێک پێکەوە هاتبێتن نەمانبینی. کەوابوو هەر بەم پێیە، هیچ نموونەیەکمان بو ستراتێژی پێنجەمی بەیکر کە سڕینەوەی لایەنی سەرەکی یان مەجازی ئیدیۆمەکان بوو، لە وەرگێڕانەکاندا نەبینی و هەر بەم بۆنەوە ئەو ستراتێژیە لە پۆلێنبەندیەکەدا دەرهێندرا. لەجیاتی ئەو ستراتێژییە، ستراتێژییەکی دیکە لە پۆلێنبەندی بەیکر داندرا کە لە درێژەی شیکاری وەرگێڕانەکاندا بۆمان دەرکەوت. هێندێک جار وەرگێڕەکان بۆ وەرگێڕانی ئیدیۆمە کوردیەکان شێوازێکی جیاوازیان بەکارهێنابوو کە بەیکر ئاماژەی پێ نەکردبوو. بەم جۆرە کە وەرگێڕەکان لە هێندێک شوێندا بەرانبەر بە ئیدیۆمێکی کوردی، ئیدیۆمێکی فارسی تەواو جیاوازیان بەکارهێنابوو، کە نە لە بواری واتا و نە کردار و نە مەبەستەوە یەکیان نەدەگرتەوە. واتا، بەرانبەرێکی ناهاوتا و جیاوازیان بۆ ئیدیۆمەکان دانابوو. کەوابوو، هەر بەم بۆنەوە، پێنجەمین ستراتێژی لە پۆلێنبەندی بەیکر بە ستراتێژی بەکارهینانی ئیدیۆمی ناهاوتا و جیاواز گۆڕدرا. لەم

بەشەدا سەرەتا هەر یەک لە ستراتێژیەکان بە وردی پێناسە دەکرێن و پاشان چەند نموونە لە هەر سێ وەرگێڕانەکە بۆ هەرکامەیان دەخرێنە بەرچاو.

ستراتیژیی یەکەم: بەکارهێنانی ئیدیۆمێک بە واتا و شێوازی هاوشێوە. ئەم ستراتێژییە داگری بەکارهێنانی ئیدیۆمێک لە زمانی مەبەستە کە واتاکەی نزیک بە ئەوەی زمانی سەرچاوە بێت و سەرەڕای ئەوەش داگری هەمان وشەگەل بێت کە لە زمانی سەچاوەدا زاراوەکەیان پێکهانەوە (بەیکر، ۲۰۱۸: ۷۷). بەم شێوەیە، وەرگێڕ دەتوانێت نزیکترین بەرانبەر بۆ ئیدیۆمیکی دەقی سەرچاوە دابین بکات و سەرەڕای ئەوەش وێنەیەکی هاوشێوە بخولقێنێت. ئەم ستراتێژیە، لە سەرجەم هەموو وەرگێڕانەکاندا، ۹۹ جار بەکارهێندراوە. لە خوارەوە نموونەیەک لە هەر سێ وەرگیڕانەکە هاتووە:

لە وەخت و ناوەختدا... شەوەهای شەو گوێم لەو گریانە خنکاوەی دایکان و خوشکەکانم بووە، (حەسەن، ۱۳۹٤: ۵)

وقت و بی‌وقت... چه شب‌های بسیاری که از درز درها و پنجره‌های اتاق‌های تاریک...(کەریم موجاوێر، ۱۳۹٦: ۱۳)

ئیدیۆمی کوردی «لە وەخت و ناوەختدا» ئاماژە بە ئەنجامدانی کارێک لەسەر یەک و لە کاتی نالەباردا دەکات. لەم نموونەدا ئەم ئیدیۆمە بە ئیدیۆمێکی هاوتا و هاوشێوەی خۆی لە زمانی فارسیدا وەرگێڕدراوە و هەر ئەو جۆرەی وا دەیبینن، جگە لە مانای مەجازی، وشە بەکارهێندراوەکانیش لە هەر دوو ئیدیۆمەکدا وەکوو یەک وان.

لە چاوتروکانێکدا، شێوەی دەیەها پیاوی تووڕە و تۆسنی دەنواند... (حەسەن، ۱۳۹٤: ۸۳)

در یک چشم به هم زدن، شبیه دەها مرد خشمگین و عصبانی شده بود... (هەڵەبجەیی، ۱۳۸٤: ۱۰۸)

ئیدیۆمی کوردی «لە چاوتروکانێکدا » بە واتای ئەنجامدانی کارێک لە ماوەیەکی زۆر کورت و بەخێرایی دێت. هاوتای «در یک چشم به هم زدن» لە دەقە فارسیەکەدا بە هەمان واتاوە هاتووە و تەنانەت نێوی «چاو» و کرداری «ترووکاندن» لە هەر دوو ئیدیۆمەکەدا دووپات بۆتەوە.

ئەو خوێنە نەدەوەستا و نەدەمەیی...نە بە نزا و نما...(حەسەن، ۱۳۹٤: ۱۱)

خون بند نمی‌آمد. نه با دعا و نه با نذر و نیاز. (کەیخۆسرەوی، ۱۳۸٤: ۱۵)

لەم وێنەیەشدا، ئیدۆمی کوردی «بە نزا و نما» واتای سکاڵا و پاڕانەوەی هەیە و بە هۆی دوو وشەی «نزا» بە مانای دۆعا و «نما» بە مانای نوێژ، لایەنی ئاینیشی پێوە دیارە. لەم وەرگێڕانەدا ئیدیۆمی

«نە با نذر و نیاز» لە بەرانبەری هاتووە کە هەمان واتای هەیە و بە هۆی ئەو وشانەی تێدا هاتوون لایەنی ئایینی ئیدیۆمەکەش پارێزراوە.

ستراتیژیی دووەم: بەکارهێنانی ئیدیۆمێک بە هەمان واتا، بەڵام لە شێوازێکی جیاوازدا. جیاوازی نێوان ئەم ستراتیژییە و ستراتیژی یەکەم لەوەدایە کە لەم ستراتیژییەدا وەرگێڕ ئیدیۆمێک لە زمانی مەبەست بەکاردێنێت کە ئەگەرچی هەمان واتا یان واتایەکی زۆر نزیک بە ئیدیۆمی زمانی سەرچاوەی هەیە، بەڵام ئەو وشانەی ئەو دوو ئیدیۆمە لە دوو زمانەکەدا پێکدێنن لەیەک جیاوازن (بەیکر، ٢٠١٨: ٧٩). کەوابوو لە بەرانبەری ئیدیۆمێکی کوردی، ئیدۆمێکی فارسی دەبینین کە هەمان واتا و مەبەستی هەیە بەڵام وشەکانیان وەکوو یەک نین و ئەو وێنەی پێکی دێنن لە دوو زمانەکەدا تۆزێک یان زۆرێک لەیەک جیاوازە. ئەم ستراتیژیە ٨٥ جار لە سێ وەرگێڕانەکەدا بەکارهێندراوە. لە خوارەوە نموونەیاک لە هەر سێ وەرگێڕانەکە دەبینن:

کوڕ و کچێ من ئەوسا لەبەر دڵی من شیرین دەبن گوێڕایەڵی فەرمایشەکانی من بن. (حەسەن، ١٣٩٤: ٢٦)

بچەهای من وقتی پیش چشم من عزیز میشن کە حرف‌شنو باشن. (کەیخۆسرەوەی، ١٣٨٤: ٢٦)

«گوێڕایەڵ بوون» لە زمانی کوردیدا بە واتای بەرفرمان بوون و بەجێهێنانی قسەی کەسانی گەورەتر بەکاردەهێندرێت. ئیدیۆمی «حرف‌شنو بودن» لە زمانی فارسیدا ڕێک بە هەمان مانا و مەبەستەوە بەکاردەهێندرێت و کەچی وشەی «گوێ» لە ئیدیۆمە کوردیەکە و وشەی «حرف‌شنو» لە فارسیەکەدا لێک نزیکن بەڵام دوو وێنەی جیاواز دەخولقێنن.

لەسەر فیکەلێدانی خۆم نەکەوتم... (حەسەن، ١٣٩٤: ٣٢)

از سوت زدن دست بر نمی‌داشتم... (هەڵەبجەیی، ١٣٨٤: ٦٢)

ئیدیۆمی «لە ...نەکەوتن» بە مانای درێژەپێدان بە کارێک بە بێ ئاوڕدانەوە لە بارودۆخەکەیە و واتای لاوەکی و نەرێنی هەیە. ئیدیۆمی «از کاری دست برنداشتن» لە زمانی فارسیدا بە هەمان واتای سەرەکی و لاوەکییەوە بەکاردەهێندرێت، کەچی ئیدیۆمەکان وشە و شێوازی جیاوازیان لە دوو زمانەکەدا هەیە.

کەس نقەی نەکرد و زاری هەڵنەهێنا... (حەسەن، ١٣٩٤: ٥٦)

هیچ‌کس لب از لب باز نکرد... (کەریم موجاوێر، ١٣٩٦: ٦٥)

زاراوەی کوردی «زار هەڵنەهێنان» بە واتای قسە نەکردن و هیچ نەگوتنە. زاراوەی «لب از لب باز نکردن» زمانی فارسیدا هەمان مانا و کرداری هەیە، کەچی دوو ناوی جیاوازی «زار» و «لب» وێنەی جیاوازیان لە دوو زمانەکەدا هێناوەتە ئاراوە.

ستراتێژیی سێیەم: قەرز وەرگرتنی ئیدیۆم لە زمانی سەرچاوە. ئەم ستراتێژیە لە کاتێکدا بەکاردەهێندرێت کە بۆ ئیدیۆمێکی زمانی سەرچاوە، هیچ بەرانبەرێکی هاوتا و هاوشێوە یان بە شێوازێکی جیاوازەوە لە زمانی مەبەستدا نەبێت، واتا ستراتێژیّ یەکەم و دووهەم کەڵکیان لێوەرنەگیردرێت. لەو حاڵەتەدا، وەرگێڕ لە ستراتێژی قەرز وەرگرتن کەڵکوەردەگرێت کە بە مانای وەرگێڕانی دەقاودەق و وشە بە وشەی ئیدیۆمێک لە زمانی سەرچاوە و گوێستنەوەی هەر بەو شێوازە بۆ سەر زمانی مەبەستە (بەیکر، ۲۰۱۸: ۸۰). ئەم ستراتێژییە مەترسی ئەوەی هەیە کە وەرگێڕانی دەقاودەق نەتوانێت واتا و مەبەستی ئیدیۆمەکان بە دروستی بۆ خوێنەری مەبەست بگوێزێتەوە. ئەم ستراتێژیە لە سێ وەرگێڕانەکەدا ۳۲ جار بەکارهێندراوە. لێرەدا وێنەیەک لە هەر سێ وەرگیڕانەکەمان هێناوە:

فەرشچنی <u>دەستڕەنگین</u> بێت. ( حەسەن، ۱۳۹٤: ۳۸)
قالیبافی ماهر و <u>رنگین دست</u> باشد. (کەیخۆسرەوەی، ۱۳۸٤: ۳٤)

ئیدیۆمی «دەستڕەنگین» لە زمانی کوردیدا بۆ ئاماژە بە کەسێکی هونەرمەند و دەستنەخشین بەکاردێت. وەرگێڕ لەم نموونەدا جگە لە جێبەجێ‌کردنی شوێنی ناوی «دەست» و ئاوەڵناوی «ڕەنگین» بە پێی ڕێزمانی فارسی، شتێکی دیکەی نەگۆڕیوە و ئەو ئیدیۆمەی وشە بە وشە بۆ نێو دەقی فارسی ڕۆمانەکە هێناوە. بەڵام وەرگێڕانی دەقاودەق دەستەواژەیەکی نامۆی پیکهێناوە کە ناتوانێت واتا و مەبەستی ئیدۆمەکە بە تەواوی بگەینێت و هەر بەو بۆنەوە وەرگێڕ ئاوەڵناوێکی دیکەی لەو ڕستەیە زیادکردووە کە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. ئەمەش لە حاڵێکدایە کە وەرگێڕ دەیتوانی، وەکوو وێنە، لە ئیدیۆمی هاوتای فارسی «چیره دست» کەڵکوەربگرێت.

منی <u>دەست بە خوێنی</u> باوکی <u>سوور بووی</u> (حەسەن، ۱۳۹٤: ۵۰)
<u>دستم به خون</u> پدر <u>سرخ شده بود</u>. (هەڵەبجەیی، ۱۳۸٤: ۷۸)

ئیدیۆمی «دەست بە خوێنی کەس سوور بوون» کە بە مانای کوشتنی کەسێک دێت. وەرگێڕ ئیدیۆمەکەی دەقاودەق قەرز وەرگرتووە. گەرچی وەرگێڕانە فارسیەکە دەتوانێت مانا و مەبەستی ئیدیۆمە کوردیەکە بگەێنێت، بەڵام وەرگێڕ دەیتوانی لە ئیدیۆمی هاوتای فارسی«دست به خون کسی آلوده شدن یا آغشته شدن» کەڵکوەربگرێت و شێوازی ئیدیۆمەتیکی دەقەکەش بپارێزێت.

لاڵ بووم و زمانم لە گۆ کەوت... (حەسەن، ١٣٩٤: ٤٤)
لالمانی گرفتم و زبانم از جنبش افتاد... (کەریم موجاوێر، ١٣٩٦: ٥١)

ئیدیۆمی « زمانم لە گۆ کەوت» لە زمانی کوردیدا بە واتای لاڵ بوون و هەروەها سڕ بوون لە سەرما دێت. وشەی «گۆ» مانای جووڵەشی هەیە. لە دەقی وەرگێڕدراودا، وەرگێڕ ئەم ئیدیۆمەی وشە بەوشە هێناوەتە نێو زمانی فارسی. گەرچی وەرگێڕانی ئەم ئیدیۆمە بەم شێوە نەیتوانیوە لە دەقە فارسییەکەدا شێوازێکی ئاسایی و سرووشتی لەخۆبگرێت.

ستراتیژیی چوارەم: وەرگێڕانی ئیدیۆم لە ڕێگای شیکردنەوە. کاتێک وەرگێڕ نەتوانێت لە زمانی مەبەستدا هاوتایەک بۆ زاراوەیەک ببینێتەوە یان شێوازی بەکارهێنانی زاراوەکە لە دوو زمانەکەدا جیاواز بێت و ورگێڕانی وشە بە وشەش چارەسەری کێشەی وەرگێڕان نەکات، دەکرێت زاراوەکە سەرلەنوێ لە زمانی مەبەستدا دابڕێژێتەوە، واتا مانای زاراوەکە لە زمانی مەبەستدا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ شیبکاتەوە و لە شێوازی ئیدیۆم دەربیبێنێت (بەیکر، ٢٠١٨: ٨١). خاڵی لاواز و نەرێنی ئەم ستراتیژیە لەوەدایە کە لە لایەنی مەجازی و جوانکاریەک کە بە بۆنەی ئیدیۆمەکەوە لە زمانی سەرچاوەدا هەیە لە زمانی مەبەستدا لەناودەچێت و دەسڕدرێتەوە. ئەم ستراتیژیە لە سێ وەرگێڕانەکەدا ١٠٨ جار بەکارهێندراوە. لە خوارەوە وێنەیەک لە هەر سێ وەرگیڕانەکە هاتووە:

مەمرە و مەژی خۆراکی بۆ فڕێدەن. (حەسەن، ١٣٩٤: ٢٣)
تنها به قدری که ازگرسنگی نمیرد جلوش خوراکی بگذاریم. (کەیخۆسرەوی، ١٣٩٤: ٢٣)

لەم نموونەدا وەرگێڕ، بۆ ئیدیۆمی « مەمرە و مەژی» کە بە مانای ژیانێکی ناحەز و ناخۆشە، لە جیاتی هاوتا و بەرانبەری هاوشێوەی لە زمانی فارسی کە دەبێتە «بخور و نمیر» واتای مەجازی ئیدیۆمەکەی بە زمانێکی سەرەکی و ڕاستەخۆ شیکردۆتەوە. کەوابوو، بەس واتای سەرەکی هێناوەتە نێو دەقی مەبەست و هیچ ئیدیۆمێک لەوێ نەماوەتەوە.

دە سندووقێکی پڕ لە خۆڵ هەناسە ساردتان نەکات. (حەسەن، ١٣٩٤: ٤٧)
ده صندوق دیگر پر از خاک هم نباید شما را نا امید کند. (هەڵەبجەیی، ١٣٨٤: ٧٥)

ئیدیۆمی کوردی «هەناسە سارد کردن» بە واتای دڵسارد کردنەوە و ناهۆمێد کردن دێت، کە لە زمانی فارسیدا هاوتای «دلسرد کردن» ی بە هەمان واتا و مەبەستەوە بۆ هەیە. کەچی لەم وەرگێڕانەدا بەس واتای مەجازیەکەی پارێزراوە و وینە و وشەکان وا هێندراونەتە نێو دەقی فارسی و شێوازی ئیدۆمی پێوە نەماوە.

سەگەکانم بردە چەند کۆڵانەیەک و دەرگام لەسەر داخستن. (حەسەن، ١٣٩٤: ٥٣)
سگ‌ها را توی چند آلونک زندانی کردم. (کەریم موجاوێر، ١٣٩٦: ٦١)

ئیدیۆمی کوردی «دەرگا لەسەر داخستن» بە واتای زیندانی کردنی کەسێک، لە زمانی فارسیدا ئیدۆمی هاوتای «در را روی کسی بستن» هەیە کە هەمان مانا و هەمان وێنە لەخۆدەگرێت. کەچی وەرگێر لەجیاتی بەکارهێنانی ئەو ئیدیۆمە، لە ستراتێژی شی‌کردنەوە کەڵکی‌وەرگرتووە و بەم چەشنە، تەنیا مانای مەجازییەکەی ڕەچاو گرتووە و بۆ نێو دەقی وەرگێڕانەکەی هێناوە و وشە پێکهێنەرەکان و شێوازی ئیدیۆمەکە بە تەواوی لە دەقی سەرچاوەدا بەجێ‌ماوە.

ستراتێژیی پێنجەم: بە کارهێنانی ئیدیۆمێکی جیاواز و ناهاوتا. هەر ئەو جۆرەی کە ئاماژەی پێ‌کرا، ئەم ستراتێژییە لەم لێکۆڵینەوەدا بوو بە جێگری ستراتێژی پێنجەمی بەیکر (٢٠١٨: ٨٥) کە هیچ نموونەیەکی بۆ نەبیندراوە. مەبەست لەم ستراتێژییە ئەوەیە کە لە نێوان ئیدیۆمە کوردیەکان و بەرانبەرێک کە لە لایەن وەرگێڕەوە لە دەقە فارسیەکە بۆی دانراوە، هیچ خاڵێکی هاوبەش نە لە ڕووی واتا و نە لە ڕووی وێنە و مەبەست و کردارەوە نییە. بە واتایەکی دیکە، ئیدیۆمێکی تەواو جیاواز بەکارهێنراوە کە هیچ پێوەندیەکی بە دەقی سەرچاوەوە نییە. ئەم ستراتێژییە لە سێ وەرگێڕانەکەدا ٢٣ جار بەکارهێندراوە. لە خوارەوە نموونەیەک لە هەر سێ وەرگیڕانەکە ئاماژەی پێ‌کراوە:

کە ڕۆژێکیان پەرێزی لێ گرتم و ...(حەسەن، ١٣٩٤: ٣٢)
یک روز کنار چرخ آبی جلوم سبز شد... (کەیخۆسرەوی، ١٣٨٤: ٢٨)

لە بەرانبەر ئیدیۆمی کوردی «پەرێز گرتن لە کەسێک» بە واتای ڕێگا لە کەسێک گرتنە، لە زمانی فارسیدا ئیدیۆمی هاوتا و هاوشێوەی «سر راه کسی را گرفتن» هەیە کە دەتوانێت بە تەواوی ئەرکی ئیدیۆمی سەرچاوە بەڕێوە ببات. لە حاڵێکدا کە وەرگێڕ لە ئیدیۆمێکی جیاواز بە واتایەکی جیاوازەوە کەڵکی‌وەرگرتووە کە ڕەنگە توانیبێتی لەو بەسێتنەدا خۆی بگونجێنێت و مانادار بێت، بەڵام واتاکەی لەگەڵ ئەوەی دەقی سەرچاوە جیاوازە و یەک ناگرێتەوە.

ئەوەندە گۆڕەوشار درام شیری دایکم لە هەردوو کونەلووتمەوە پژا.. (حەسەن، ١٣٩٤: ٨٦)
آن قدر گور به گور شده ام کە شیر مادر از نوک دماغم بیرون می‌زند. (هەڵەبجەیی، ١٣٨٤: ١١١)

زاراوەی کوردی «گۆڕەوشار دران» کە جگە لە واتای سەرەکی کە ئاماژە بە ئەشکەنجە و ئازاری مردوو لە ناو گۆڕدا دەکات، واتایەکی ئایینیشی پێوە دیارە، لە وەرگێڕانەکەدا کراوەتە «گور بە گور شدن» کە بە مانای جێبەجێ‌کردنی مردوو لە گۆڕێک بۆ گۆڕێکی دیکەیە و بۆ ئاماژە کردن بە

ئاواتی ئازار و ئەشکەنجەی کەسێک پاش لە مردن بەکاردێت. ئەم وەرگێڕانە نە تەنیا واتایەکی جیاوازی هەیە، بەڵکوو ڕەوتی چیرۆکی ڕۆمانەکەش تێکدەدات. لەم نموونەدا وەرگێڕ دەکرا ئەم ئیدیۆمە بە یارمەتی ستراتێژی چوارەم بکاتە « فشار قبر » کە هەم واتاکە بگەینێت و هەم لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەشدا یەک بگرێتەوە.

ئەمیان پەنجەکانی توانەوە ئەوەندە دەپێیەکانی بۆ بشوات و (حەسەن، ١٣٩٤: ٢٠)

از بس شلوارها و تنبان‌های پدر را شسته بود انگشتانش آب رفته بود ... (کەریم موجاوێر، ١٣٩٦: ٢٩)

ئیدیۆمی «پەنجەکانی توانەوە» لێرە بە مانایەکی مەجازیەوە بەکارهێندراوە و ئاماژە بە سوانی پەنجە پاش ئیشی زۆر دەکات. بەڵام لە دەقی وەرگێڕانەکەدا بەرانبەرێکی بۆ دانراوە کە جگە لەوەی ئەو مانایە لەخۆناگرێت، لە زمانی فارسیدا ئەو وشانە بەم شێوەیە لە تەنشتی یەکتردا نایەن. دەکرا وەرگێر لە بەرانبەری ئەو ئیدیۆمە وەکوو وێنە، لە «انگشتانش ساییده شده بود» کەڵکوەربگرێت.

ستراتێژیی شەشەم: سڕینەوی ئیدیۆم بە تەواوی.کاتێک ئیدیۆمێک لە زمانی مەبەستدا هاوتایەکی نزیکی نەبێت یان هەروەها داڕشتنەوە و شی‌کردنەوەی بە ئاسانی ئەنجام نەدرێت یان بە شێوازێکی جیاواز لە دوو زمانەکەدا بەکاربهێندرێت، ڕەنگە وەرگێڕ ئەو ئیدیۆمە بە تەواوی لە دەقی مەبەستدا بیسڕێتەوە (بەیکر، ٢٠١٨: ٨٦). ئەم ستراتێژییە لە سێ وەرگێڕانەکەدا ٦٧ جار بەکارهێندراوە. لە خوارەوە نموونەیەک هاتووە:

حەسار بە جێ بێڵێن و بڕۆین... سەرهەڵبگرین...(حەسەن، ١٣٩٤: ٥٦)

همە مون حصارو ترک بکنیم؟ (کەریم موجاوێر، ١٣٩٦: ٦٤)

حصار رو بزاریم و بریم. (کەیخۆسرەوی، ١٣٨٤: ٤٦)

لەم نموونەدا، ئیدیۆمی کوردی «سەرهەڵگرتن» بە واتای ڕۆیشتن ولە شوێنێک بۆ هەمیشە و ئاوارە بوون و بەرە و نادیار وەڕێ کەوتن بە کارهێندراوە. لە دەقە فارسیەکەدا وەرگێڕ ئەم ئیدیۆمەی بە تەواوی سڕیوەتەوە. ئەم ئیدیۆمە لە هەردوو وەرگێڕانەکەی دیکەشدا بە هەمان شێوە بۆسەر زمانی فارسی وەرنەگێڕدراوەتەوە. کەچی وەرگێڕەکان دەیانتوانی لە ئیدیۆمی هاوتای فارسی «سر بە کوە و بیابان گذاشتن» بە هەمان ماناوە کەڵکوەربگرن.

## ٦-٢- وڵامی پرسیارەکانی توێژینەوە

پاش لێکدانەوی هەر شەش ستراتێژیی وەرگێڕانی ئیدیۆم و باس لەسەر جیاوازییەکانیان و هەروەها شی‌کردنەوەی نموونەکان لە هەر سێ وەرگێڕانی جەستەی ئەم لێکۆڵینەوەدا، دەتوانین

ئێستا بڕۆینە سەر باس و شی کردنەوەی وەرگێڕانەکان و بە پێی ئەو دەیتا و ئامارەی بە دەستمان هێنا وڵامی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوە بدەینەوە.

*۶-۲-۱- پرسیاری یەکەم*

پرسیاری یەکەمی ئەم توێژینەوە ئەوە بوو کە وەرگێڕەکان لە چ ستراتێژیگەلێک بۆ دابین کردنی هاوتای ئیدیۆمە کوردیەکان کەڵکیان‌وەرگرتووە؟ بە پێی چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوە کە لەسەر پۆلێنبەندی بەیکر (۲۰۱۸) داندرابوو، هەر سێ وەرگێر بۆ گوێستنەوەی ئیدیۆمە کوردیەکان بۆ سەر زمانی فارسی لە پێنج ستراتێژی لەو شەش ستراتێژیەی بەیکر ئاماژەیان پێ دەکات کەڵکیان‌وەرگرتووە جگە لەیەک ستراتێژی. کەوابوو وەرگێڕەکان لە ئیدیۆمی هاوتا و هاوشێوە، ئیدیۆمی هاوتا بە شێوازی جیاوازەوە، قەرز وەرگرتن و شی کردنەوەو هەروەها سڕینەوەی ئیدیۆمەکان لە ڕەوتی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەدا کەڵکیان‌وەرگرتووە. ئەگەچی لە دەقی کوردی ڕۆمانەکەدا هیچ ئیدیۆمێکمان نەبوو کە بەشێوەیەک بەکارهێندرابێت هەم مانای سەرکی و هەم مانای مەجازی وشەکان لەخۆبگرێت، ستراتێژی پێنجەمی پۆلێنبەندی بەیکر کە بۆ وەرگێڕانی ئەم چەشنە ئیدیۆمە بەکاردەهێندرا، لە چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوەیە هاتەدەرێ و بۆمان دەرکەوت ستراتێژییەکی نوێ لە وەرگێڕانەکاندا بەکارهێندراوە کە لەو پۆلێنبەندیەدا نەهاتووە، وەکوو ستراتێژی پێنجەم بۆ وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان ڕەچاو گیردرا و داگری بەکارهێنانی ئیدیۆمیکی جیاواز بە واتایاکی جیاواز و ناهاوتا بوو. ڕادەی بەکارهێنانی هەر یەک لەم ستراتێژیانە لە جەستەی ئەم لێکۆڵینەوەدا بە گشتی لە هێڵکاری یەکەمدا پیشان دراوە کە هاوکات بۆ وڵامدانەوەی پرسیاری یەکەم و دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوە گرینگە.

*۶-۲-۲- پرسیاری دووهەم*

لە پرسیاری دووهەمدا سەرەتا دەمانەویست بزانین کام ستراتێژی زیاتر لەوانی دیکە کەڵکی‌لێوەرگیراوە و پاشان هۆکار و کاریگەری لە سەر وەرگێڕانەکە بە گشتی چی بووە؟ لە هێڵکاری یەکەمدا، شەش ستراتێژی وەرگێڕانی ئیدیۆم بە پێی لێکدانەوی ئاماریی دەیتاکان، لە هەرسێ وەرگێڕانە فارسیەکەدا، بە پێ ڕێژەی فرەپاتی جیاکراونەتەوە و پیشان دراون.



هێڵکاری ١. ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتێژییەکانی وەرگێڕانی ئیدیۆم

بە پێ هێڵکاریی سەرەوە، ستراتێژیی چوارەم واتا وەرگێڕانی ئیدیۆم لە ڕێگای شی‌کردنەوە واتایی لە زمانی مەبەستدا، ٢٦ لە سەدا هاتووە و فرەپاتترین ستراتێژی بووە. بە بڕوای بەیکر (٢٠١٨) کاتێک هاوتایەکی هاوشێوە یان جیاواز لە زمانی مەبەستدا بۆ ئیدیۆمێک نەبێت و قەرز وەرگرتنی ئیدیۆمەکەش لە زمانی سەرچاوە بە بۆنەی جیاوازی نێوان زمانەکان چارەسەری کێشەی وەرگێڕان نەبێت، وەرگێڕ بەس واتای ئیدیۆمەکە بۆ سەر زمانی مەبەست وەردەگێڕێتەوە. بەم شێوەیە وەرگێڕ دەتوانێت خۆی لە سڕینەوەی ئیدۆمەکە لابدات کەچی لەم ستراتێژییەدا بەس واتا و مەبەست دەگوێزرێتەوە و ئەم شێوازە لە وەرگێڕان دەبێتە هۆی سڕینەوەی جوانکاری و شێوازی مەجازی دەقی سەرەکی و دەقی مەبەست، لە ڕووێ شێوازی نووسینەوە، لاوازتر لە دەقی سەرەکی دەبێت و چێژی دەقی سەرەکی نابێت. بە گشتی کاتێک ڕێژەی بە کارهێنانی ئەم ستراتێژیە لە سەرەوە بێت، پیشاندەری گۆڕانکاری لە چوارچێوە و شێوازی نووسینی دەقی سەرچاوەیە، کە ئەمەش لە وەرگێڕانی دەقی ئەدەبیدا، کە شێوازی نووسین خۆی کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی مەبەستی نووسەرە، پەسند ناکرێت. سەرنجێکی ورد لەو شوێنانەی کە ئەم ستراتێژییە بەکارهاتووە بۆمان دەردەخات لە زۆربەی کات هەر سێ وەرگێڕ لە حاڵێکدا لە ئەم ستراتێژییە کەڵکیان‌وەرگرتووە کە دەیانتوانی لەجیاتی شی‌کردنەوە لە ئیدیۆمێکی هاوتای زمانی فارسی کەڵک‌وەربگرن. وەکوو وێنە کەیخۆسرەوی بەرانبەر بە ئیدیۆمی « دەرمانخواردی بکەن» لە دەقە فارسییەکەدا «زهر توی غدایش ریخته بودند»ی داناوە، کەچی دەیتوانی وەکوو دوو وەرگێڕەکەی‌تر ئیدئۆمی فارسی «دواخور کردن» یان «چیز خور کردن» بۆی دانێت. یان لە شوێنێکی‌دیکەدا، هەڵەبجەیی و کەریم‌موجاوێر بۆ ئیدیۆمی «هەر ئەوەندەم پێ کرا» بەرانبەری «فقط توانستم» یان داناوە، کە بەس واتاکەی دەگەینێت، کەچێ دەکرا وەکوو کەیخۆسرەوی هاوتای فارسی «تنها کاری که از من ساخته بود» بەکاربێنن. لە جێگایەکی دیکەدا، کەیخۆسرەوی بەرانبەر بە ئیدیۆمی کوردی « ئیدی لەوە دەرچووبوو » لە دەقە فارسیەکەدا دایناوە «طوری شده بود که»، لە حاڵێکدا کە دەیتوانی وەکوو کەریم‌مۆجاوێر لە ئیدیۆمی فارسی «دیگر کار از این گذشته بود» کەڵک‌وەربگرێت.

پاش ئەم ستراتێژییە، ستراتێژیی یەکەم و دووهەم ڕێژەی ٢٤ لە سەد و ٢١ لە سەدیان هەیە. واتا وەرگێڕەکان لەم شوێنانەدا تێکۆشاون تا ئەو ڕادەیەی وا دەکرێت لە زمانی مەبەستدا ئیدیۆمێک بە هەمان واتا، وێنە و کارکردەوە دابین بکەن و بە پێی نزیکی نێوان زاراوەکانی زمانی کوردی و فارسی، لە زۆر شوێندا ئەم ستراتێژییە سەرکەوتوو بووە. لەو شوێنانەش وا نەیانتوانیوە هاوتای هاوشێوەی ئیدیۆمە کوردیەکان دابنێن، لە ئیدیۆمی جیاواز بەڵام بە هەمان واتا کەڵکیان‌وەرگرتووە. دەتوانین بڵێین، وەرگێڕەکان توانیویانە لە بەرانبەر ژمارەیەکی زۆر لە ئیدیۆمە

کوردییەکان ئیدیۆمی فارسی دابنێن و واتا و وێنە و مەبەستی مەجازی ئیدیۆمەکان لە دەقی مەبەستدا بپارێن، ئەگەچێ لە هێندێک شوێندا وەرگێڕ لەجیاتی ستراتێژی یەکەم لە ستراتێژی دووهەم کەڵکیوەرگرتووە. بۆ نموونە هەڵەبجەیی ئیدیۆمی «خۆمان...مردین ئەوەندە»ی وەرگێڕاوە بە «از پا درآمدیم» لە حاڵێکدا هاوتای نزیک‌تری فارسی«ما که مردیم بس» مان بۆی هەیە کە کەریم موجاوێر بەکاریهێناوە. یان لە شوێنکی دیکەدا کەیخوسرەوی لە بەرانبەر « کەس نقەی نەکرد » هاوتای « صدا از هیچکدام در نیامد»ی داناوە، بەڵام دەیتوانی وەکوو هەڵەبجەیی ئیدیۆمی نزیکتری فارسی« کسی جیک نزد»ی بۆ دابنێت.

ئیدیۆمەکان لە هەرسێ وەرگێڕانەکەدا، ٦٧ جار، واتا ڕێژەی ١٦ لە سەد، بە تەوای سڕاونەتەوە. لە حاڵەتی ئاسایی‌دا ئەم ستراتێژییە کاتێک بەکاردەهێنرێت کە وەرگێڕ بە هۆی جییاوازی زۆری نێوان دوو زمانەکە و نەبوونی هاوتا لە زمانی مەبەستدا، هیچ ڕێگایەکی جگە لە سڕینەوەی ئیدیۆمێک نەبێت. کەچی، پاش لێکدانەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکان بۆمان دەرکەوت کە جگە لە یەک یا دوو شوێن، وەکوو «ڕۆڵەڕۆ کردن»، «لە کاتی گیانەڵادا» هۆکاری سڕینەوەی ئیدیۆمەکان، سانسۆری ئەو ڕستە یان ئەو بەشەی لە دەقە سەرەکییەکە بووە کە ئیدیۆمەکە تێیدا هاتووە. کەوابوو هۆکاری سڕینەوەی ئیدیۆمەکان پێوەندی لەگەڵ بوون یان نەبوونی هاوتا، و هەر وەها بڕیاری وەرگێڕ لە سەر ستراتێژی گونجاوی وەرگێڕانی ئیدیۆمەکە لەو شوێنانەدا نییە و وەرگێڕ ناچار بووە بە بۆنەی هۆکاری سانسۆرەوە ئەو بەشە بسڕێتەوە.

پاشان ستراتێژی قەرز وەرگرتنی ئیدیۆم لە ڕێگای وەرگێڕانی وشە بە وشەوە ٣٢ جار، واتا نزیک بە ٨ لە سەد، بە کارهێندراوە. کەچی ستراتێژی قەرز وەرگرتن، تەنها لە کاتی نەبوونی ئیدیۆمی هاوتای یەکسان یان جیاواز بە کار دەهێندرێت، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەم ستراتێژیە لەوەدایە، زۆربەی کات بە پێ جیاوازی نێوان دوو زمانەکە لە بواری پێکهاتەی ئیدیۆمەکان، واتای مەجازی وشەکان و جیاوازی نێوان گۆشەنیاگای زمانەکان بۆ ڕووداوەکان، وەرگێڕانی دەقاودەوق ناتوانێت واتا و مەبەستی مەجازی زارەوەکان پێکەوە بگوازرێتەوە و ئەمەش ڕەنگە هۆی داهێنانی دەقێکی نائاسایی ببێت. لە وەرگێڕانی ئیدیۆمەکانی ئەم ڕۆمانەدا دەبینین هێندێک جار وەرگێڕەکان لە حاڵێکدا ئیدیۆمە کوردییەکانیان قەرز وەرگرتووە کە لە فارسیدا هاوتایەکی نزیکیان بۆ هەبووە. بۆ وێنە، هەڵەبجەیی ئیدیۆمی «وەک بەرخی قوربانی» وشە بە وشە هێناوەتە نێو دەقی وەرگێڕانەکە «مانند برەی قربانی»، کەچی هەروا کە لە دوو وەرگێڕانەکەی‌تردا هاتووە، «مانند گوسفند قربانی» هاوتای ئەم ئیدیۆمە لە زمانی فارسیدایە. یان لە شوێنێکی دیکەدا هەڵەبجەیی ئیدیۆمی «دامێنیان دەگرتم» وشە بە وشە کردووە بە فارسی « دامانم را می‌گرفتند»،

کەچی ئیدیۆمی بەرانبەری لە فارسیدا دەبێتە « دست بە دامنم می‌شدند»، کە ئەو دوو وەرگێڕەکەی دیکە کەڵکیان لێ‌وەرگرتووە.

ستراتێژیی وەرگێڕانی ناهاوتا، کە وەکوو جێگری ستراتێژی پێنجەم لە پۆلێنبەندی بەیکردا داندرا، سەرجەم ٢٣ جار، واتا نزیکەی ٦ لە سەد، بەکارهێندراوە. کە دەتوانێت لەبەر چەند هۆکاری جیاواز بێت؛ نەدیتنەوەی هاوتای نزیک بۆ ئیدیۆمەکان، تێگەیشتنی نادروست و بە هەڵە لە واتای مەجازی ئیدۆمەکان، هەروەها سانسۆری ئیدیۆمەکان کە بۆتە هۆی ئەوە وەرگێڕ لەجیاتی سڕینەوەی ئیدیۆمەکان، هەوڵ بدات ئیدیۆمێک بە واتایەکی زۆر جیاواز لە نێو دەقەکەدا دابنێت. بۆ نموونە، کەریم‌موجاوێر بۆ «کە هێشتا هەراش نەبووبووم» لە دەقی مەبەستدا «پیش از تولدم» ی داناوە، کەچێ هاوتای دروستی لە فارسی‌دا دەبێتە «از همان بچگی»، کە لە دوو وەرگێڕانەکەی دیکەدا دەیبینین. لە شوێنێکی دیکەدا، کەریم‌موجاوێر بەرانبەر بە «بە ڕوومدا دەگرژێنەوە» لە دەقی مەبەستدا «بە رویم لبخند می زدند» ی داناوە کە لەگەڵ ئیدیۆمە کوردیەکەیدا یەک ناگرنەوە. هەروەها، کەیخوسرەوی بۆ ئیدیۆمی «بە هەڵەداوان و هەناسەبڕکێوە هات» لە دەقی وەرگێڕانەکەدا ئیدیۆمی ناهاوتا و جیاوازی «مثل اجل معلق جلوم سبز شد»ی بەکارهێناوە، کەچێ دەیتوانی وەکوو کەریم‌موجاوێر لە ئیدیۆمی هاوتای «شتابزده و نفس‌زنان می‌آید» کەڵک‌وەربگرێت. یان لە نموونەیەکی دیکەدا هەڵبجەیی و کەریم موجاوێر لە جیاتی «پەنجەی شایەتمانم» نووسیویانە «انگشت شستم»، کەچی هاوتای دروستی لە فارسیدا دەبێتە «انگشت اشاره.»

*٦-٢-٣- پرسیاری سێهەم*

پرسیاری سێهەم لەسەر جیاوازیی سەرەکیی نێوان سێ وەرگێڕانی ڕۆمانەکە لە بواری دانانی هاوتا بۆ ئیدیۆمەکاندا بوو. بۆ وڵامدانەوە ئەم پرسیارە، ئەو شەش ستراتێژییەی پۆلێنبەندیی سەرەوە، بە پێی ئەوەی کە بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە دەقی مەبەستدا، لە بەراورد لەگەڵ دەقی سەرچاوەدا، یان نا، لەنێو دوو دەستەدا دایاندەنێین. بەشی یەکەم داگری ستراتێژیی یەکەم، دووهەم و سێهەم دەبێت و بەشی دووهەم داگری ستراتێژیی سێهەم و چوارەم و پێنجەم. لەبەر ئەوەی کە لە ستراتێژییەکانی بەشی یەکەمدا، وەرگێڕ لە بەرانبەر هەر ئیدیۆمێکی زمانی سەرچاوەدا ئیدیۆمێکی زمانی مەبەست دادەنێت یان خودی ئیدیۆمەکە قەرز وەردەگرێت؛ بەم شێوەیە لە دەقی وەرگێڕدراوادا دیسان ئیدیۆمێک جێگری ئیدیۆمی دەقی سەرەکی دەبێت و کەمترین گۆڕانکاری لە بواری ئیدیۆمەکانەوە ڕوو دەدات و دەقی مەبەست لە بەراورد لەگەڵ دەقی سەرەکیدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نایێت. بەڵام لە بەشی دووهەمدا بە هۆی شی‌کردنەوە

و سڕینەوە و هەروەها دانانی هاوتایەکی جیاواز بەرانبەر بە ئیدیۆمەکانی دەقی سەرچاوە، لە دەقی وەرگێڕدراودا گۆڕانکاری زیاتر ڕوو دەدات و هەر بەم بۆنەوە جیاوازی نێوان دوو دەقەکە زیاتر دەبێت.

دەبێ هەروەها ئاماژە بکەین کە بەیکر (۲۰۱۸) لە پۆلێنبەندی ستراتێژییەکانی وەرگێڕانی ئیدیۆمدا، دەڵێت کە وەرگێڕ لە کاتی هاوتا دیتنەوەدا یەک‌بەیەک ئەم ستراتێژیانە تاقی دەکاتەوە، واتا سەرەتا لە ستراتێژیی یەکەم دەستپێ‌دەکات و ئەگەر هاوتایەکی نەدیتەوە، دەچێتە سەر ستراتێژیی دووهەم و ئەگەر ئەویش چارەساز نەبوو ستراتێژیی سێهەم و هەر بەم شێوە ستراتێژیی چوارەم و پێنجەم تاقی دەکاتەوە و ئەگەر هیچیان یارمەتیدەر نەبوون لە کۆتاییدا لە ستراتێژیی شەشەم کەڵک‌وەردەگرێت و ئیدیۆمەکە دەسڕێتەوە. کەواتوو دەتوانین بڵێین ئەو وەرگێڕەی لەم بەستێنەدا سەرکەوتووترە کە بەم شێوە لەسەر ئیدیۆمەکان کاری کردبێت.

لە هێڵکاریی دووهەمدا، ڕێژەی بەکارهێنانی دەستەی یەکەم و دووهەمی وەرگێڕانی ئیدیۆم کوردییەکان لە هەر سێ دەقی وەرگێڕدراودا پیشان دراون. هەروا کە دەبینن ئاستی بەکارهێنانی ستراتێژییەکانی وەرگێڕانی ئیدیوم لە هەر سێ وەرگێڕانەکەدا بە گشتی زۆر لەیەک نزیکە، بە تایبەت لە وەرگێڕانی هەڵەبجەیی و کەریم‌موجاوێردا. بە پێی فرەپاتیی ستراتێژییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە لە وەرگێڕانی هەڵەبجەیی و کەریم‌موجاوێردا ئاستی گۆڕانکاری ئیدیۆمەکان کەمتر لە وەرگێڕانەکەی کەیخوسرەوی بووە. بە واتایەکی دیکە ژمارەی ئەو ئیدیۆمانەی لە دەقی فارسی ڕۆمانەکەدا پارێزراون لە دەقی وەرگێڕانەکەی هەڵەبجەیی و کەریم‌موجاوێردا زۆرتر لە کەیخوسرەوی بووە و لە دەقەکەی کەیخوسرەوی‌دا ئیدیۆمەکان زیاتر تووشێ گۆڕانکاری هاتوون و هەروا کە لە هێڵکاری ژمارە سێ‌دا دەبینین، زیاترین سڕینەوەی ئیدیۆمەکان لە وەرگێڕانی کەیخوسرەوی‌دا ڕووی داوە.

هێڵکاری ٢. ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتێژییەکانی دەستەی یەکەم و دووهەم




| | دەستەی ١ | دەستەی ٢ |
|---|---|---|
| کەیخۆسرەوی | ٤٧ | ٥٣ |
| هەڵەبجەیی | ٥٦ | ٤٤ |
| کەریم مۆجاوێر | ٥٥ | ٤٥ |

ئەگەر بمانەوێ وردتر سەیری ڕێژەی بەکارهێنانی ستراتێژییەکان لە هەر سێ وەرگێڕانەکە بکەین و جیاوازی نێوانیان ببینین، دەتوانین هێڵکاریی ژمارە ٣ لە خوارەوە چاولێبکەین. ستراتێژیی یەکەم، لە وەرگێڕای هەڵەبجەیی و کەریموموجاوێردا زیاتر بەکارهاتووە، واتا ئەم دوو وەرگێڕە توانیویانە بۆ زیاترین ژمارە لە ئیدیۆمە کوردیەکان، ئیدیۆمی هاوتای فارسی دابین بکەن. ستراتێژیی دووهەم لە وەرگێڕانی کەیخوسرەویدا زۆرتر بە کارهێنراوە، واتا زۆرترین ئیدیۆمی هاوتای بە شێوازی جیاوازی بەکارهێناوە. هەڵەبجەیی لە هەموو زیاتر لە ئیدیۆمە کوردیەکان قەرزی وەرگرتووە و هێناویەتە ناو دەقی وەرگێڕانەکە و هەروەها زۆرترین شیکردنەوەش لە وەرگێڕانی هەڵەبجەییدا ڕووی داوە. کەریموموجاوێر زۆرترین ئیدیۆمی ناهاوتای بەکارهێناوە و ستراتێژیی شەشەم، واتا سڕینەوەی ئیدیۆمەکان لە وەرگێڕانی کەیخوسرەویدا زیاتر بووە.



هێڵکاری ٣. فرەپاتیی بەکارهێنانی ستراتێژییەکان لە هەر سێ وەرگێڕانەکەدا

لە کۆتاییدا، شایانی ئاماژەیە کە لە زۆر شوێن لە وەرگێڕانەکاندا، دەبیندرێت وەرگێڕ بە پێچەوانە، بەرانبەر بە وشەیەک، کۆوشەیەک یان ڕستەیەک لە دەقی مەبەست کە خۆی داگری هیچ ئیدیۆمێک نییە، ئیدیۆمێکی فارسی بەکارهێناوە؛ واتا لەو بەشە لە دەقی سەرچاوەدا هیچ ئیدیۆمێکی کوردی نییە، لە حاڵێکدا لە دەقە فارسیەکەدا، ئەو بەشە بە شێوازی ئیدیۆمەتیک نووسراوە. وەکوو وێنە، کەبخوسرەوی کۆوشەی «خوشکە تەنیاکانم» ی کردووە بە ئیدیۆمی فارسی «خواهرهای بی‌کس و کارم»؛ یان لە وێنەیەکی دیکەدا کەریموموجاوێر، لە جیاتی «گریانی هەمیشە ئامادە» لە وەرگێڕانەکەدا، «اشکهای دم مشک»ی داناوە؛ هەروەها، هەڵەبجەیی بۆ ڕستەی «دوا ئاوڕی لێ دامەوە» لە دەقی فارسیەکەدا ئیدیۆمی «آخرین نگاهش را به من دوخت» بەکارهێناوە و نووسیویەتی. ڕەنگە ئەم شێوە وەرگێڕانە بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی ئیدیۆمە

گوڕدراوەکان و سڕێندراوەکان بێت. قەربووکردنەوە[1] ستراتێژییێکە بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی تایبەتمەندیە لەدەستچووەکانی دەقی سەرچاوە لە وەرگێڕاندا بەکاردەهێندرێت. بەم مەبەستە، وەرگێڕ لە شێوازێکی جیاواز لەوەی دەقی سەرچاوە کەڵکوەردەگرێت تا کاریگەرییەکی هاوشێوە لە دەقی مەبەستدا بخولقێنێت (فەرەحزاد، ۱۳۹٤: ۳۳). لێرەدا وەرگێڕەکان بۆ قەرەبووی ئەو ئیدیۆمانە وا هاوتایان بۆ نەدیتراوەتەوە یان بە پێی هۆکاری دیکە لە دەقەکەدا سڕدراونەتەوە، لە بەشەکانی دیکەدا یارمەتیان وەرگرتووە و ئیدیۆمێکیان داناوە کە لە خۆدی دەقی سەرەکیدا بوونی نییە.

### ۷- ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە لە هەر سێ وەرگێڕانی فارسیی ڕۆمانی کوردیی *حەسار و سەگەکانی باوکم*، وەرگێڕەکان جگە لە ستراتێژیی سڕینەوەی لایەنی مەجازی یان سەرەکی ئیدیۆم، لە هەر پێنج ستراتێژییەکەی دیکەی پۆلێنبەندیی بەیکر (۲۰۱۸)، کەڵکیان وەرگرتووە. هەروەها، ستراتێژییەکی دیکەش کە لە دەرەنجامی توێژینەوەکەدا بۆمان دەرکەت و وەکوو دەستەی پێنجەم بە پۆلێنبەندییەکە زیادکرا، ئەوەش ستراتێژیی گۆڕانی ئیدیۆمە کوردیەکان و بەکارهێنانی ئیدیۆمی ناهاوتا و جیاواز لە دەقی وەرگێڕانەکەدا بوو. هەروەها بۆمان دەرکەوت کە زۆرترین ژمارەی ئیدیۆمەکان لە سێ وەرگێڕانەکەدا بە گشتی شیکرابوونەوە، واتا ستراتێژیی چوارەم لە داگری شیکردنەوەی واتای ئیدیۆمەکان لە دەقی مەبەستدا بوو وەکوو فرەپاتترین ستراتێژی ناسرا. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە لە زۆربەی شوێنەکاندا، وەرگێڕەکان دەیانتوانی لە ئیدیۆمێکی هاوواتا و نزیکی فارسی لەجیاتی شیکردنەوەی واتای ئیدیۆمەکان کەڵکوەربگرن. دەتوانین بڵێین بە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ستراتێژییە، شێواز و ستایلی ئەدەبی وەرگێڕانەکان بە گشتی لە ئاستی دەقی سەرچاوەدا نەمابوو و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو.

لە ئاکامی بەراوردکردنەکەدا، هەروەها بۆمان دەرکەوت کە وەرگێڕانی هەڵەبجەیی و کەریمموجاوێر لە بەراورد لەگەڵ وەرگێڕانەکەی کەیخوسرەوی لە سێ ستراتێژی یەکەم زۆرتر کەڵکیانوەرگرتووە و هەر بەم بۆنەوە ڕێژەی گۆڕانکاری لە ئیدیۆمەکاندا لە ئاستێکی خوارتردایە. بە پێچەوانە، وەرگێڕانی کەیخوسرەوی بە گشتی داگری بەشێکی زۆرترە لە ستراتێژییەکانی دەستەی دووهەم، واتا شیکردنەوە، گۆڕانکاری و سڕینەوە بوو کە ئەمەش لەسەر گۆڕانگاری و

---

[1] Compensation.

دوور بوونەوە لە دەقی سەرەکی کاریگەری هەبوو. لە کۆتاییدا ئەگەر بمانهەوێت بە پێی دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر شێوازی وەرگێڕانی ئیدیۆمەکان لەم سێ وەرگێڕانەدا، لەسەر شێوازی گشتی وەرگێڕانەکان بڕیار بدەین، دەتوانین بڵێین وەرگێڕانی هەڵەبجەیی و کەریمموجاوێر لە دەقی سەرەکی نزیکترن و زیاتر وەرگێڕانێکی دەقاودەق بە ئەژمار دێن، لە حاڵێکدا کە وەرگێڕانی کەیخوسرەوی، وەرگێڕانێکی دوورتر لە دەقی سەرچاوەی و وەرگێڕانێکی ئازادترە. لە کوتاییدا، دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە «وەرگێڕانی کۆتایی هیچ نییە، جگە لە کێوێک لە سەهۆڵ،کە تەنیا بەشێکی هەرە بچووکی لە دەرەوەیە» (ئۆستینۆف: ٢٠١٧:٩٢). ئیدیۆمەکان تەنیا بەشێک لە دەق پێکدەهێنن و وشەکان، کۆوشە و ڕستەکان، پێکهاتەی ڕێزمانی، شێوازی نووسین و جوانکاری و زۆر تایبەتمەندیی دیکە لە دەقێکی ئەدەبیدا بوونیان هەیە کە لەسەر وەرگێڕانی ئەو دەقە کاریگەریان هەیە و دەبێ ڕەچاو بگیردرێن و دەتوانن ببنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی لە سەر دەقە وەرگێڕدراوەکان.

## سەرچاوەکان

### ئەلف. کوردی

ئۆستینۆف، میشل (۲۰۱۷). *وەرگێڕان: تیۆریەکانی وەرگێڕان، پرۆسەی وەرگێڕان*. فەرشید شەریفی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

بەرزنجی، ئازاد (۲۰۱۲). *وەرگێڕان لە گفتوگۆدا*. سلێمانی: سەردەم.

حەسەن، شێرزاد (۱۳۹٤). *حەسار و سەگەکانی باوکم*. کەرەج: مانگ.

عوسمان مستەفا عەللاف، پەروین (۲۰۰۹). *واتا و وەرگێڕان: لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە*. هەولێر: موکریانی.

قازی، ئەحمەد (۱۳۹۵). *زاراوەی زمانی کوردی*. سەقز: گوتار.

کانەبی شەریف، عەبدولوەهاب (۲۰۰۵). *فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*. سلێمانی: ڕوون.

مەحموود عەلی، جەلال (۲۰۰۱). *ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا*. بەرگی دووەم. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مەحوی، محەمەد (۲۰۱۰). *وەرگێڕان و میتۆد*. سلێمانی: گەنج.

مەردۆخ ڕۆحانی، ماجد (۱۳۹۷). *فەرهەنگی زانستگای کوردستان*. بەرگی چوارەم. سنە: زانستگای کوردستان،.

مەلا ئیسمایل حەسەن، شەوکەت (۲۰۰۹). *پەندی پێشینیان و هەندێ زاراوەی کوردی ـ ئینگلیزی*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

### بێ. فارسی

خزاعی‌فر، علی (۱۳۹۳). *ترجمه متون ادبی*. تهران: سمت، چاپ یازدهم.

--- (۱۳۹٦). *حصار و سگ‌های پدرم*. رضا کریم مجاور. تهران: افراز، چاپ دوم.

--- (۱۳۸۳). *حصار و سگ‌های پدرم*. مریوان حلبچه‌ایی. تهران: چشمه.

--- (۱۳۹٦). *حصار و سگ‌های پدرم*. عبدالله کیخسروی. تهران: فرهنگ بوستان.

فرحزاد، فرزانه (۱۳۹٤). *فرهنگ جامع مطالعات ترجمه*. تهران: نشر علمی.

**پێ. ئینگلیزی**

Baker, M. (2018). *In Other Words: A Coursebook on Translation*. (3rd ed.). London and NewYork: Routledge.

Glucksberg, S. (2001). *Understanding Figurative Language: from metaphors to idioms*. Oxford and New York: Oxford Universty Press.

House, J. (2018). *Translation: The Basics*. London and New York: Routledge.